بەش:  سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی

کۆلێژی زانستە سیاسییەکان

زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

**بابەت : سیستەمەکانی هەڵبژاردن**

قۆناغی سێیەم

(وانەی سەربار بۆ قوتابیانی وەرگیراو لە خوێندنی ماستەر )

سیمستەری یەکەم

ناوی مامۆستا : م. ی. مەرزن جمال حسن

ساڵی خوێندن

(2024 - 2023)

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| سیستەمەكانی هەڵبژاردن/ سمستەری یەكەم | 1. ناوی کۆرس |
| م. ی. مەرزن جمال حسن | 2. ناوی مامۆستای بەرپرس |
| بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی/ كۆلێژی زانستە سیاسییەكان | 3. بەش/ کۆلێژ |
| **ئیمێل:** marzan.hasan@su.edu.krd<br>**مۆبایل:**07517045661 | 4. پەیوەندی |
| ( 2 ) دووكاژێر | 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک |
| | 6. کاتژمێرەکانی کارکردن |
| | 7. کۆدی کۆرس |
| **ماستەر لە سیستەمە سیاسیەكان**<br>زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر/ كۆلێژی زانستە سیاسییەكان(٢٠١٩)<br>**بەكالۆریۆس لە زانستە سیاسییەكان**<br>زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر/ كۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەكان(٢٠١٢) | 8. پرۆفایەلی مامۆستا |
| هەڵبژاردن، سیستەمەكانی هەڵبژاردن، سیستەمی سیاسی، دیموكراسی نوێنەرایەتی. | 9. وشە سەرەکیەکان |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

ئەم بابەتە چەمك، بوار،تایبەتمەندی، ئامراز وكێشەكانی سیستەمەكانی هەڵبژاردن لە خۆ دەگرێت، هەروەها ئاماژە بە كاریگەرییەكانی سیستەمە سیاسییەكان دەكات لەسەر سیستەمە سیاسییەكان وژیانی سیاسی بە گشتی.

ئەم وانەیە بە گشتی لە سێ بەشی سەرەكی پێكدێت، لە بەشی یەكەم ئاماژە بە چەمكی هەڵبژاردن دەدرێت، دوای پێناسە كردنی چەمكەكە لە رووی زانستیەوە، جیاوازی نیوان هەڵبژاردن ورێفریاندۆم دەخرێتە ڕوو. پاشان گرنكترین تیۆرەكانی سروشتی هەڵبژاردن شی دەكرێت وبۆ زیاتر بەرچاورونی دەربارەی چەمكی هەڵبژاردن، بە ووردی شێوازەكانی هەڵبژاردن باس دەكرێت. لە كۆتایی بەشی یەكەم بە كورتی تیشك دەخرێتە سەر بابەتی جیاكردنەوەی دەنگەكان.

لە بەشی دووەمدا، ناوەرۆكی بابەتەكە كە سیستەمەكانی هەڵبژاردنە پێناسە دەكرێت، جۆرەكانی سیستەمانی هەڵبژاردن وەكو سیستەمەكانی زۆرینە، نوێنەرایەتی رێژەیی وتێكەڵ بە گشتی باس دەكرێت، لە لایەكی دیكە كاریگەری سیستەمەكانی هەڵبژاردن لەسەر پارتە سیاسییەكان، تەوەرێكی تری بەشی دووەم دەبێت.

لە بەشی سێیەمدا بە ووردی باسی پێوەركانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێكی ئازاد وبێگەرد دەكرێت، واتا

هەوڵ دەدرێت بە خاڵ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێت، ئایا چۆن هەڵبژادنێکی ئازاد وبێگەرد ودوور لە ساختە ئەنجام دەدرێت؟

لە کۆتاییدا وەکو نمونەیش بە شێوەیەکی گشتی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراق ژمارە (9)ی ساڵی 2020،خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ دەکرێت.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

**ئامانجە گشتیەکان:**

1-ئاشنا کردنی قوتابی بە بنەما وبنچینەکانی سیستەمەکانی هەڵبژاردن.

2-خستنەرووی جۆرەکانی سیستەمەکانی هەڵبژاردن.

3- ئاشنابوون بە گرنگی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد وبێگەرد.

**ئامانجە تایبەتیەکان:**

1- فێربوونی چەمکەکانی هەڵبژاردن و سیستەمەکانی هەڵبژاردن.

2- ئاشنا بوون بە ماف وئەرکەکانی دەنگدەر لە پرۆسەی هەڵبژاردن.

3- فێربوونی چۆنیەتی جیاکردنەوەی دەنگی دەنگدەر وجیاکردنەوەی گونجاوترین سیستەمی هەڵبژاردن.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

ئەرکی قوتابی لەم کۆرسە بریتییە لە: ئامەدەبوون لە هۆڵەکانی خوێندا، چونکە ئەم بابەتە بەبێ روونکردنەوەی مامۆستای وانە لە هوڵی وانەووتنەوە تێگەیشتنی ئەستەمە، هەروەها پێویستە قوتابی رۆژانە پێش وانە، بابەتە دیاریکراوەکان بخوێنیت تاکو بتوانێت بابەتەکە تێبگات وپێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان کونترۆلی بکات. پێویستە قوتابی لەکاتی خۆیدا لە کلاس ئامادە بیت و بەشداری بکات لە چالاکی و گفتوگۆکانی پۆلدا. هەروەها قوتابی پێویستە بەشداری تاقیکردنەوەکانی بابەت بکات.

**13. رێگەی وانە ووتنەوە**

مامۆستا، بابەتەکە لە رێگەی موحازەرە و کفتوگۆ و رێگەی (العصف الذهنی) ، شێوازی ۆرك شۆپ، بەگرووپ کردنی قوتابیان، پێشکەش دەکات. هەروەها سوود لە بەکارهێنانی داتاشۆ دەبینرێت بە مەبەستی نمایشکردنی کورتەی وانەکان. واتا وانەکان لە رێگای پێشکەشکردنی (سلایدی) پاوەرپوینت دەبێت کە بابەتەکە وەك پوختەیەکی تێرو تەسەل ئامادە کراوە ولەکاتی نمایشکردنی سلایتەکان لە رێگەی داتاشۆ مامۆستا هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی تەختەی سپی بۆ پێدانی روونکردنەوەی زیاتر بۆ ئەو بابەتانە کە پێویستە روونبکرێت، بە مەبەستی تێگەیشتنی بابەتەکە بە بێ کەم وکوری، قوتابیان دەتوانن سوود وەربگرن لە نمایشی سلایتەکان کە لە رێگەی داتاشۆ و روونکردنەکان پێشکەشیان دەکرێت.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

بە درێژایی ئەم کۆرسەی خوێندن، تاقیکردنەوەیەکی وەرزیی ئەنجام دەدرێت لەسەر 30% نمرە، هەروەها 10 % نمرەیش لە رێگەی کویزی رۆژانە وچالاکی بەردەوامی قوتابی هەژمار دەکرێت بەم جۆرە تێکرای نمرەی کۆشش دەبێتە 40 نمرە. لە کوتایی کۆرسی خوێندن تاقیکردنەوی کۆتایی بابەتەکە ئەنجام دەدرێت کە 60% نمرەی لەسەرە.

**16. لیستی سەرچاوە**

1. عبدو سعد، النظم الانتخابية: دراسة حول العلاقة بين النظام السياسي و النظام الانتخابي، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، 2005
2. چواس حسن، سیستەمەکانی هەڵبژاردن و پیوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و بیگەرد، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، 2007

| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
|---|---|
| **دەروازەی بابەت و پێشەکی**<br>یەکەم: هەڵبژاردن | م. ی. مەرزن جمال |
| چەمکی هەڵبژاردن، هەڵبژاردن ودیموکراسی، جیاوازی هەڵبژاردن وریفراندۆم، سروشتی یاسایی هەڵبژاردن: تیۆری هەڵبژاردن مافە / تیۆری هەڵبژاردن ئەرکە / تیۆری هەڵبژاردن ماف و ئەرکە | هەفتەی یەکەم |
| ڕێوشوێنە سەرەتاییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، 1.لایەنی بەرپرس لە بەرێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن / 2.ئامادەکردنی تۆماری ناوی دەنگدەران 3.دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن / 4.رۆشنبیرکردنی دەنگدەران/ | هەفتەی دووەم |
| **شێوازەکانی هەڵبژاردن**<br>1 هەڵبژاردنی راستەوخۆ و هەڵبژاردنی ناراستەوخۆ<br>2. هەڵبژاردنی تاك وهەڵبژاردنی لیست<br>3. دەنگدانی سنوردار ودەنگدانی گشتی | هەفتەی سێ یەم |
| **5. شێوازەکانی هەڵبژاردن**<br>4. دەنگدانی ئارەزوومەندانە و دەنگدانی سەپێنراو<br>5. دەنگدانی نهێنی ودەنگدانی ئاشکرا | هەفتەی چوارەم |
| **6. جیاکردنەوەی دەنگەکان**<br>ریگاکانی جیاکردنەوەی دەنگەکان | هەفتەی پێنجەم |
| **دووەم / سیستەمەکانی هەڵبژاردن**<br>**- چەمکی سیستەمەکانی هەڵبژاردن**<br>**- جۆرەکانی سیستەمەکانی هەڵبژاردن:**<br>1. سیستەمی زۆرینە (هەڵسەنگاندنی سیستەمی زۆرێنە) | هەفتەی شەشەم |

| | |
|---|---|
| 2. سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی (هەڵسەنگاندنی سیستەمی نوینەرایەتی ڕێژەیی) | هەفتەی حەفتەم |
| 3. سیستەمە تێکەڵەکان<br>- دابەش کردنی کورسیەکان لە نێوان پاڵێوراوانی لیستی سەرکەوتوودا | هەفتەی هەشتەم |
| **کاریگەری سیستەمەکانی هەڵبژاردن لەسەر پارتە سیاسییەکان**<br>کاریگەری سیستەمی هەڵبژاردن لەسەر نوێنەرایەتی پارتی سیاسی<br>کاریگەری سیستەمی هەڵبژاردن لەسەر دیاردەی فرە پارتایەتی<br>کاریگەری سیستەمی هەڵبژاردن لەسەر ڕێکخستنی پارتەکان | هەفتەی نۆیەم |
| **پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد وبێگەرد:**<br>1.گونجاوی سیستەمی هەڵبژاردن<br>2.پەیرەو کردنی دەنگدانی گشتی ودەنگدانی ڕاستەوخۆ<br>3. یەکسانی بەهای دەنگەکان<br>4.دادپەروەری لە دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن | هەفتەی دەیەم |
| 5.خەسڵەتەکانی لایەنی بەرێوەبەری هەڵبژاردن<br>6.پرەنسیپەکانی تۆماری ناوی دەنگدەران<br>7.پاڵێوراوان وپارتە سیاسییەکان<br>8. هەڵمەتی هەڵبژاردن | هەفتەی یانزەم |
| 9.مەرجەکانی پرۆسەی دەنگدان<br>10.بنەما سەرەکیەکانی پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان<br>11. گازەند وچارەسەرکردنی کێشەکان | هەفتەی دوانزەم |
| **خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی 2020 (بەشی یەکەم)** | هەفتەی سێنزەم |
| **خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی 2020 (بەشی دووەم)** | هەفتەی چواردەم |
| تاقیکردنەوەی کۆتایی | هەفتەی پازدەهەم |
| 18. **بابەتی پراکتیك (ئەگەر هەبێت).** | |
| بابەتە پراکتیکیەکانی کۆرسەکەمان خۆی لە گفتوگۆ و سیمیناری قوتابی | |

| | |
|---|---|
| | دەبینێتەوە |
| **19. تاقیکردنەوەکان**<br>نمونەی پرسیارەکان:<br>أ/ جۆرەکانی هەڵبرژادن چین ؟ باسیان بکە.<br>ب/ سیستەمەکانی هەڵبژاردنەکان چ کاریگەریەکیان هەیە لەسەر پارتە سیاسییەکان؟ روونی بکە.<br>ج/ چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان چەمکی هەڵبژاردن و چەمکی ریفراندۆم؟ بە خاڵ بیانووسە. | |
| | |
| **20. پێداچوونەوەی هاوەڵ**<br>**ئەم پەرتووکی کۆرسە (   ) شیاوە وبە وردی وزانستی پرکراوەتەوە.**<br><br>**هاوەڵ** | |